سودانی کۆتایی بە سەردانەکەی بە پارێزگاری بەسرە دەهێنێت

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی کۆتایی بە سەردانەکەی بە پارێزگاری بەسرە هێنا. نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتێع کوتووە بە ڕاویکردەوە،سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، کۆتایی بە سەردانەکەی بە پارێزگاری بەسرە دەهێنێت، کە بریتی بوو لە:

■ ئینجامدانی کۆبوونەوەیەکی بەرفراونی بە ئامادەبوونی چێند وەزیرێک و پارێزگارەکانی بەسرە و زیقار و میسان و ژمارەیەک ڕاوێژکار و بەرپرسی جێبەجێکار.

■ پێداچوونەوە کرا بە کەکارەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەی ستراتیژیی چارەسەرکردنی ئاوی دەریا، کە لە مانگی ئایاری ساڵی ڕابردوودا لەلایەن ئینجومەنی وەزیرانەوە پەسەندکرا.

■ پەسەندکردنی پێشنیاری پارێزگای بەسرە بە ئەوەی چوار پرۆژەی وەستگەی چارەسەری ئاوی زیادە لەخۆبگرێت:

- وەستگەی چارەسەرکردنی ئاوی قەزای شەت ئەلعەرەب بە توانای 5 هەزار م3/ لە کاتژمێردا.

- وەستگەی چارەسەرکردنی ئاوی قەزای فاو و سیبە بە توانای 3 هەزار م3/کاتژمێر.

- کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی ئەبوفلس بە توانای 3 هەزار م3/کاتژمێر.

- وەستگەی چارەسەرکردنی ئاوی سەفوان بە توانای (1) هەزار م3/کاتژمێر.

■ پەداچوونەوە بە ئەکارەکانی حکومەت تایبەت بە وەستگەکانی پاککردنەوەی ئاوەکە ، بەتایبەتی لە پارێزگاکانی باشوور.

■ پەداچوونەوە بە میکانیزمەکانی هەماهەنگی لەگەڵ تورکیا سەبارەت بە دەسیەی بەنداوبردنی ئاو لە ڕووگەی پرۆژەی هاوبەشەوە لەم بوارەدا، و ڕاگەیاندنی زیادبوونی بەدەردانی ئاو لە تورکیاوە.

■ جەختکردنەوە لەسەر پێویستی بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی ئەنجومەنی وەزیران کە لە دانیشتنی دوێنێدا دەرکراون، بەتایبەتی ئەوانەی پێیوەندییان بە دەستبەرکردنی بودجەی بەپەلەوە هەیە بە تەواوکردنی پرۆژەی کێنانەی بەدعە، هەروەها دەستاتدان بە پارێزگای بەسرە بە کێینی ئەتەمبەلی تانکەر.

■ جەختکردنەوە لەسەر پێویستی بەردەوامبوون لە گرتنەبەری ڕووشوێنی توند بە چارەسەرکردنی پشێلکارییەکان بەدرژایی ڕووبارەکان، و ڕەگە نەدان بە هیچ جۆرە نەرمییەک لەم ڕووەوە.

■ سەردانی کردنی مەیدانی بە وەستگەی ئاوی ئەلعەباس (R0) و حەوزی کێنانەی بەدعە لە بەسرە.